شیعر

# شۆڕشی عەشق



ئاکۆ عمر

2006

شیعر

# شۆڕشی عەشق

ئاکۆ عومەر

٢٠٠٦

**کتێب:** شۆڕشی عەشق

**بابەت:** شیعر

**شاعیر:** ئاکۆ عومەر

**چاپ:** چاپخانەی قانع

**چاپی یەکەم:** سلێمانی ٢٠٠٦

**تیراژ:** ٥٠٠ دانە

**ژمارەی سپاردن:** ژمارە (٩٠٤) وەزارەتی ڕۆشنبیری پێدراوە.

Scanned by Easy Scanner

# پایز دوانمی

سەت گوڵ سەت ئەوینی سەت بەهاری جوان
نەیارە پایز دەیکاتە خەزان
چۆک بە نێرگزی رۆحم دائەنێ
گۆڕێ بەدەستی خۆم هەڵدەکەنێ
من لەئەزەڵ ئاوێتەی چرۆی دارێ بووم
بۆ هەنگ گوڵێکی زۆر بەخەندە بووم
باوەشی عەشقی پێدا دەکردم
بۆ رێی ئازادیو شادی دەبردم
بەجوودابیەک پایز دووانمی
پەپوولە بوولبول لەمن تۆرانی
هیوا بەتۆوە ببمەوە بەگوڵ
بوولبول بخوێنێ لەسەر نوکی چڵ

# بم دوێنە

تۆ پەپولەی هەست ناسکی
باخی حەزم بڕازێنە
بەوشەی خۆشەویستی
ناخی دڵم بخورپێنە
دڵم بەستوی زستانێکە
بەنیگایەک بیکە پشکۆ
با بگەشێ لەژێر سایەی
ئەوینی تۆ

Scanned by Easy Scanner

# ئاشقی هەژار

شاهیدە دیدەم نامۆ بەمنی لەگەڵ تۆ بینی

ئەو شەخسیێتە بوو لەمن تۆرانی

لەجێ حەرفی من حەرفیت دانابوو

ملیانکەی دیاری منت پچڕا بوو

بۆ مایە وەفات کردە ژێری پێکانت

ناسرێتەوە جێی ماچەکانت

ئەتوانم نامەت بەیان دنیاکەم

لەدوورۆ دیارە شوێنی ماچەکەم

Scanned by Easy Scanner

# یەکەم نیگا

یەکەم نیگا کەلێت کردم دڵ ئاشقی چاوانت بوو
بزەی خەندەی لێوەکانت ڕێخۆشکەری دڵداریبوو
کەتۆم بینی ڕەنگی زەردی پەشۆکاو کەوتە جوانی
هیواوایە بەدوو دڵان بگرین ڕێگای هاوپەیمانی
تێ مەفکرە رازی دڵتم بۆ بەبادە
عاشقێکم تەریقەتم تەریقەتی دەست فەرهادە
تۆ ئەوینیت بۆ ژیانم لابەری دەردو خەمە
زۆر گەڕاوی باخەوباخم گوڵی وەک تۆ نییە کەمە
خۆشمدەوێیت لەخۆم زیاتر بابزانی
دە قبوڵ کە خۆشەویستیم بابەس بکەم چاوەڕوانی

# جێی ژوان

چ فکرێکو چ هەستێ بوو
منی لەبیر بردیتەوە
واهەستەکەم دەریای ووشک
بەفرمێسکم پڕکەیتەوە
کە ئێواران بۆ شادی دڵ
روودەکەمە هەچ هەوارێ
لەژێرداری یەکەم جێژوان خوێنی ئەباری
خەیاڵ دەکەم بەئەتەرو
لەشوێنی تۆ ئەینوێنم
شعرەکانو گوڵەکانمت لێدەستێنم
هێدی هێدیش گەشامەوە
کە بەپاکی عەشق دەرچووم
بێوەفایی لەتۆوە بوو
شێت بووم لەژێر سایەتا بووم

# دوورت گرت لێم

دوورت گرت لێم جەستەی پاکم ئەسوتێنێ
تافی لاویم بۆ بەپیری دەناسێنێ
خەم ناس نەبووم خەم وەک لافاو هات بەرەو رووم
تا دەریکەم شادیو خۆشی من لەگەروم
با بەدووریت ئەو دڵەی من دێوانەبێ
ئەو وەفایەی من دەمداپێت ناشێ لەدەست بێگانەبێ
داری ئەشقم هێنا بەرهەم
لەمن تۆرای کەوتیە دەستی رۆمو عەجەم
نەیزرێنی ناوی کورد بڵێی وەفام کوردانەیە
دابڕانی خۆرو ئاسۆ دوور لە راستی ئەفسانەیە

# هاوارێکی بەکوڵ

هاوار ئەکەم ئەم دمن وەڵام
هیچ دەنگێکی دەنگ تۆ نییە
دەکەم وەسفت لەلای رێبوار
دڵێ جوان وا لەم رێ نییە
تاڵی زوڵفت بەدەستمەوە
بەجێ مابوو بۆ یادگاری
چەند ئەروانم لەزوڵفی
تۆ ناکەم دیاری
تێفکرامو هاتە بیرم
پێتئەوتم بامانگ بکەین بەنیشانە
لەشەوانی من دوور لەتۆ
مانگ ئاوێنەی ئاشقانە

# لوتکەی حەز

بەخەندەوە لێم مەڕوانە

تازە دڵی من مردووە

خۆشەویستی جارانی تۆ

لە دڵی خۆم دەرکردووە

وامەزانە هەر وەک جاران

لێوەکانم کە ناوی تۆ ئەدرکێنێ

گوڵی باخت هەڵومریوە

تازە بوولبوول نای دوێنێ

خۆشەویستی لەدڵمدا

بەرزترین لوتکەی حەزبوو

بەڵام هەرگیز لەدڵی تۆ بۆ عەشقی من پڕ لەخەم بوو

Scanned by Easy Scanner

# لەیادمی

لەگەڵ هەموو شنەی شەماڵێکداو وشەکانی تۆ دەبیسم
چەند بێوەفای لەئاست دڵم بەڵام هەر ئەتپەرستم
لەناو ژوری نائومێدی گڕی مۆمیش بۆ من خەمە
چۆن زەمانم لێگۆڕاوە هاوینم بەفرو تەمە
لەبەر باری ناهەموارم ئاوا وەفای خۆت ئەنوێنی
دڵم گریەو ناڵین دەکات بێ خوێندنەوە نامەکانم ئەستوێنی
خۆچی ئەبوو بۆ یەکەمجار گفتی عەشقت پێم نەدایە
بۆ ئەو ساتە پێت نەگوتم کەسێکی کەم لەگەڵدایە
لە دوولاوە دڵی ئاشق لەدەریای ئەوینتا خنکا
گرفتار بووم بەعەشقی تۆ بەڵام گوڵی دەستم شکا
هەموو دەمێ کەدەتبینم هاوار دەکەم لەیادمی
تۆ ئەستێرەی شەو تەنیاو چارەنوسی ڕۆژگارمی

# ئاشق نەبووم

عاشق نیم بۆ عاشقان شعرەنوسم
چاومڕوانیم تا باڵای یار ببینم
پەیمانێ نیم بێوەفایان بمشکێنێ
بارانێ نیم تا بیابان بمدوێنێ
من کەسێکم خوڵقاوی دەستی یەزدانم
لەبێ ئەمری وشەکانی پەشیمانم

Scanned by Easy Scanner

# گریاوێکم

گریاوێکی رێگای عەشق و
ئاسمانێکی بێ سامالّم
باخچەیەکی بەبێ گولّ و
روبارێکی بەبێ ئاوم
کەوتمە دنیای خەیالآتی
ئەو عەشقە تەم گرتووە
زۆر رێبوای ئەم رێگایە
بەنیگایەک ئاشق بووە
تۆ روخساری پڕ نورانیت
بەشاعیریم ئەناسێنێ
خۆشەویستی ناخی دڵم
لەبەردەمتا ئەدرکێنی

Scanned by Easy Scanner

# بەڵێن بدە

من نازانم خەو لەچاوم بۆ ناکەوێ
بێ یار دەژیم مەرگم دەوێ مەرگم دەوێ
تامەزرۆمە گەر بەیانی کە بتبینم
هێدی هێدی بانگت بکەم تۆی ئەوینم
یەکەم وتەم گوڵبارانە سەر تادامان
تۆش گوڵێتی خۆتم بەرێ شای جوانان
بەمنداڵی لەباوەشی دایکی خۆمدا ئارام دەگرم
بەڵام ئێستا لەسایەتا من شاعیرم
بەڵێن بدە بەپیرۆزی خۆشەویستی
خۆشم دەوێیت بێ کۆتای خۆشەویستی

Scanned by Easy Scanner

# چاوی یار

چاوت ئەستێرەی بەری بەیانە
برژانگت تیری سنگی دوژمنانە
باڵات نەمامی سەر گۆڕستانە
دڵت سوتاو مەستو هەیرانە
دڵم مەشکێنە مەیکە وێرانە
با لەئاهی من نەبییە دێوانە
باباوەشت بۆم بێتە هێلانە
بگەڕێین بەناو باخو ژوانە
بژین بەشادیو سەرفرازانە
ساتێ لەژیان تۆ پێبزانە
ئاخ هەڵ ناکێشرێ لەدوای زەمانە

# بگەڕێوە

بگەڕێوە ژیان دوای تۆ هەرەس دێنێ
دووری ئەتۆ خەفەت بەمن ئەناسێنێ
فرمێسکی چاو وەکو باران دەبارێنی
دڵم خۆشناکات نەورۆز یادەکانت ئەمسوتێنێ
دڵ ئەشکێنی لەلایەتر دڵ ئەدوێنی
بەسە بەرگەی نازت ناگرم جوانی تاسەز بۆت نامێنێ
بگەڕێوە با من مەمو ئەتۆش زینێ
چۆن پەپولە واز لەگوڵی خۆی دەهێنێ
ئەما خانی من وەک مەمو تۆش وەکو زین بناسێنێ

# بێ وەفایی

خۆشەویستم سەفەر مەکە
دڵی من بۆت بەهارە
مەیتۆرێنە خەندەی لێوم
ووشەی ناوتم لەسەر زارە
بەنازی تۆ من ژیاووم
لەناو کۆڕی وەفادارا
رۆژی دوایم ئەو رۆژەیە
تۆ جێم بێڵی ئەلەم شارە
مەیومرێنە گوڵی باخم
بەم بەهارە
باتاسەر بێ دەنگی خۆشی
بولبولی ئەم کۆسارە
بێ هیوام لەکۆچی تۆ
دڵی من بۆت خەمبارە
سەفەر دەکەی زوڵفی خاوت
بۆم بکە پەتی سێدارە
فیکرەت شێتە لەحاست
ئاشق شەرمەزارە
پەشیمانی دادت نادا
ئاقیبەت هەر کۆنە هەوارە

# مەرگم

وامەرگمەو مەرگ وا سەودام دەکا
خەزان پایز لانەی بولبول لەق دەکا
رەنجاویکم لێڵ کاروانی خەمدا دەڕۆم
کوشتەی چاوم برژانگی تیرە لەبۆم
لەمەرگیشدا جارێ بلێ یارمی
ئاوی زم زم سەد باخی بەهەشتمی
بەڵام چیبکەم لەلای بەدکار ئاوا دەرست خوێناوە
بەمەرگی من ئاهەنگتەو خەنەی دەستت رەنگاوە
لەبێبەختیمە زەمان تۆ والەم دەورەم دەی
وا دەبینم تاجی شایەک تۆ لەسەر شێتی دەکەی

# خۆر لەتاریکی ئەسەنم

من بۆ ژیان پێدەکەنم
ئەو بەگریان ئەمدوێنێ
باخچەی حەزم ئەڕازێنم
خەم وەک خەزان خۆی ئەنوێنێ
خەو دەزڕێنم هەموو شەوێ
خۆر لەتاریکی ئەستێنم
دەخوێنمەوە یا دەنوسم
تا پەردەی شەرم ئەدرکێنم
نای دوێنم پیاڵەیە مەی
نەک تۆم لەبیر بباتەوە
گشت سات لەفکرم نەبی
خودا جەستەم بباتەوە

# نمەی باران

نمەی باران باری بەسەر خاکی تینوو
ژیایەوە تۆوی گوڵی ووشکی مردوو
لەقەدپاڵی زەردەبەدەم
نۆشی نمەی بارانی خەم
چرۆی سەوزی دەم بەهاران
گوڵ پەیدابوو گوڵێکی جوان
لەسەری نیشتشەونم بەیان
بوو بەدیاری بەیێنی یاران
پایز مەودای نادا تاسەر
وەراندی جوانی بێ خەبەر

Scanned by Easy Scanner

# خەم

بارگەی خەمم لەکۆڵ ناوە
وەک مەلێکی لەپۆل جێماو
خۆ من داری سێبەر نەبووم
دایم بکەم مەیلی هەتاو
بۆ عەشقی تۆ سەراپا جەستەم
دەگرێ وەکو خۆری بەبێ پاشکۆ
وا ئەوینت ماڵئاوای لەمن دا
دەسرێتەوە ناوی (.....)
بەلام خەمی من دەریایەو
دەبینی روباری خوێنی
دڵی سەت گرفتاران
ئەبەم چەشنە دەگەیەنی

Scanned by Easy Scanner

# سڵاو

سڵاو لەگوڵ و شنەی بەیانی
سڵاو لەعەشقی پاکی جوانی
سڵاو لەکانی جێژوانی یاران
سڵاو لەئەستێرەی کۆنی دێرزەمان
سڵاو دوولێوی پڕ لەپێکەنین
سڵاو ئەی پەنجەی ئاشق گوڵ چنین
سڵاو پەپولە کە خەمت کەمە
سڵاو ئەی بولبول جێژوانت چەمە

Scanned by Easy Scanner

# نەفرەت

نەفرەت لەخەزان گوڵ دەومرێنێ

نەفرەت لەگریان لێو نابزوێنێ

نەفرەت لەنامەی کە پڕ گریانە

نەفرەت لەو دەستەی حەز بەزیانە

نەفرەت لەبەدکار نەفرەتت لێبێ

نەفرەت لەدڕک گوڵ ئەدڕێنێ

نەفرەت لەو کەسەی دوژمنی کوردانە

نەفرەت لەامەی‌او سوچی مەیخانە

نەفرەت هەر خۆشت نەفرەت باران بی

ریسوای زەمانەو خەڵتانی خوێن بی

ئەمانە ڕێچکەی ناخۆشی دڵن

ئازاری جەستەی ماتی بەکوڵن

# تارای سپی

گوڵم تانەی هاوڕێکانم پۆشینی تارای تۆیە
بڕواناکەم بەم وتانە هەردەم دەڵێم کەدرۆیە
ئەو نێرگزی بەهارمەو خۆی ناکاتە هاوڕێی خەزان
ئەو خۆرێکی بێ ئاوابوو باسی شەوی نەئەدرکان
ڕێگای شەقامێکم گرت‌و هاتم ئاوێ لێت بڕوانم
لەژێر تاری سپیدابووی بەکفنی خۆمی دەزانم

Scanned by Easy Scanner

# دەستی رۆژگار

کە تۆم ناسی وام دەزانی
هەموو ژینم پێکەنینە
باخی عەشق و خۆشەویستی
گەڵای عومری بێ وەرینە
تکی فرمێسک لەچاومدا
وەک ئەفسانەی نەبو وایە
خەیاڵیشم بۆ دابڕان
زریانی وای پێ دانایە
هاکا دەستی رەشی رۆژگار
لێی روخاندم ئەم هەوارە
لەسەر لێوی دوور لەخەندەم
ناوی عەشقی پێدانایە

Scanned by Easy Scanner

# سوپای بڕۆت

یادەکانت لەگەڵ گڕی چرایەکدا ئەسوتێنم
دڵی پیرم وەکو مندا ئەگریەنم
فکری شێتم لەدوولاوە داماو ماوە
گوڵی دەستم لەپایزدا ناونراوە
هەمو وەرزێ دەکەم بەگوڵ بەگوڵێکی بەبێ وەرین
گەردوو بارابیەیتەوە باخی ئەوین
ڕێ نابەمە ئەو هەوارەی منت کردە قەڵغانی خۆت
شەهید بوومە لەژێر تیری سوپای بڕۆت

# چاوی گریاوم

قورگم تەمی گریان گرتی
چاوم فرمێسک ئەبارێنێ
دڵم غەرقی خوێناوێکە
گوڵم گەڵا دەوەرێنێ
دڵم هێندە ئاشقت بوو
لەگەڵ مەرگا خۆی دەبینی
دەبا ئەویش وەفادار بێ
بێ وەفای بتاسێنێ
وەکو سنبول باخی دڵم برازێنێ
لەژێر داروپەردوی روخاوی دڵ
دڵم لە مەرگ بۆبسێنێ

# بێ پەیمانی

خۆ دەزانم پەیمانی تۆ هەر شکاوە
سەرم سوڕما لەدڵی خۆم چلۆن بەدەستی تۆ ماوە
دڵ ئومێدی بەجوانیت بوو قوڕی عەشقی بۆ گیراوە
نەمدەزانی رۆژێ دادێ بەجێم دێڵی بەئاسانی
بامن کوشتەی دڵی تۆبم دەگریەنێ پەشیمانی
کە پێم گوتی مەمگریەنە چاوم فێری گریانیە
تازە گوڵم وا چرۆیە وەختی خەزانی زەردنیە
ئەوسا دڵم کۆرپەیەک بوو ئێستە پیری خۆیدەبینی
گەڵای تەمەن وادەوەرێ شنەی پایز دەیفرێنێ

# رووخسار

رووخساری تۆ لەبیر ناکەم تا شۆخێ تر ڕێم پێ نەگرێ
وێنەی دیاریت لەشەواندا وەکو چرا بۆم دەگرێ
دڵ بەشەماڵ قەت خۆش ناکەم چۆن پەیمانی پێشکانم
لەکاتی ئیلهامی شیعرا پەڕەی گوڵی لێ فڕاندم
چۆن تەنیای هاوڕێم نەبێ تازە ئاشق بەتەنیا بوم
خۆ وەکو عیسای مریەم بەبێ هۆ لەخاچت دابووم
باخی عەشقم درکو داڵ بوو بۆ دەتگوت بۆم پڕ گوڵە
بولبولیشم بەبێ دار بوو دەتگوت دڵم لەبۆی چڵە
ئەمانە بوو رازی دڵم قبوڵت کرد بەئاسانی
بۆ جێم دێڵی بەم ئێوارە تۆ لەم عەشقە پەشیمانی

# ئاشنای مەی

تۆ منت بەمەی بۆ ئاشناکرد
ڕەونەقی جوانیمت بەئێوارە برد
جامی پڕ لەمەی نەما نەی نۆشم
بەس بە نیگای تۆ مەستو سەرخۆشم
منت بردۆتە دنیای دێوانە
مەستو حەیرانم بەس بەمەیخانە
ساقی هیلاکی دووان وەکو منە
ئێمەش پەشێوی عەشقو ئەوینە
مەی ئێستەبۆ من کەسی مەبەستە
کەسی من ئێستە زۆر دوورە دەستە

Scanned by Easy Scanner

# خەیاڵی قوڵ

مەغدورێکم لەرێگای یار
کەوتوومە ناو بەحری خەمان
شادیو خۆشیم لەلا دووره
بوومە هاورِێی شینو گریان
زۆر دەمێکە خەیاڵی قوڵ
بەلای جوانی تۆما دێنێ
هەرگیز دڵم بێئاگا بوو
کە دڵی تۆ دڵمەشکێنێ
بەڵام چەرخی بۆ من نەبوو
شاعیرێکی وەلا ناوە
لەدەست بەدکاری دەورەکەت
شعرەکانم لێ دراوە
پەشیمانم لەبوونی خۆم
خەم سەراپامی سوتان
دڵم بۆتە قەڵغانی تانەو وتەی بەدکاران

# نهێنی

رۆژ دایکت لێمی پرسی
کچی منت بنیاد ناوە
بۆ ژمارەی تەلەفۆنت لەهاندەکەمدا نوسراوە
بەهەناسەی پڕ گریان بەشەرمەوە جوابم دەوە
خۆشەویستی ئاگرێکەو لەناخمدا داگیرساوە
ئەم سوتێنیێ بۆی دەسوتێم سەد ئاشقی لەگۆڕناوە
من ئاشقی شۆخەکەی تۆ ئاشنامانکە بۆ دەسوتێم بەچەشنی مۆم

Scanned by Easy Scanner

# خەم

دەریا خەمە خەمم دەریایە

ژیانی لاویم تیایدا ساوایە

لەبەر شۆخێکە گیرۆدەو پەستم

بەبادەو یادی ئەو شۆخەوە مەستم

هەر خەم تونی رۆژمببرێنی

زکری عەشقی تۆم لەچاو بفرێنی

هێندە خەم خۆرم خەم نەما نەی خۆم

سوتانی جەستەم وێنەی گری مۆم

ئاوێتەی ناخی دوکەڵی کردم

بۆ دامێنی گۆڕی  تاریکی بردم

# ئاوابوون

وەرە دەستی نەرمت
بنێرە دەستی ماندوی قەڵەم
کە شیعرەکانی هەر تا نیشانی تۆیە
ئەو بەدکارەی تۆی لەمن کرد
ووشەی زاری هەر درۆیە
خۆ دەزانم خۆش باوەڕی وەکو خۆری لێم ئاوا بووی
چۆن بڕوات کرد بەناحەزان
کە عەشقی تۆم وەلاناوە
عەشقی تۆ قوتابخانەی دڵی منە
کۆڕی شعری تیا بەستراوە

# بۆ کوردستان

کوردستان ناوت بۆ شانازییە
ڕەونەقی جوانیت سەرفرازییە
لەسەر خاکی تۆ جەرگم سوتاوە
ناوت لەمێژوو تۆمارکراوە
دوژمن ناتوانێ ناوت بزڕێنێ
گوڵی گوڵستانت هەڵ پچڕێنێ
سنگی هەزار لاو بۆ تۆ قەڵغانە
شەهیدمان ڕێگای خۆشی ژیانە
شایەتە قەڵای هۆلاکۆ بەزێن
شکێنەرەکەی پشت دوژمن شکێن
مەردی زۆر ئازام بەچاوی خۆم دی
لەپێناوی تۆدا مەرگ دواندی
کوردستان جوانی ئەمە تەعبیرتە
داستانی گەورەی لاوان و پیرتە

# بێ تۆ ناژیم

ئەگەر پیرم نەونەمامی
مەکەنە دارئاسای دەستم
زوڵفی چین چینی یارم
بکەنە بەرگی کفنم
ئاشقێکم گوڵی گۆڕم
با گوڵاڵە سور بێ
گڵی سەرگۆڕەکەشم
خاکی بەرپێی یارم بێ
بەهەشتیشم من بەبێ ئەو
بە دۆزەخ زۆر شادمانم
لەدوو دنیا بۆت نەسوتێم
قەدری ئاشق نازانم

Scanned by Easy Scanner

# لەمن تۆرای

چ ئاشقی رجوا دەبەی
هێندە خەمی پێدراوە
دە پێم بڵێ چی مامۆستا وای لێکردی
بەبێ گومان ئەویش من دەرسم داوە
لەو رۆژەوەی لەمن تۆرای
لەهەموو کەس بەگومانم
دەگرم رێگای چۆلی مەینەت
بەم ئەوینەی ئەم جارەی تۆ بانەزانم
ئەو ساباتەی جێژوانمان بوو
بەبێ هۆی کرتە خەزان
بولبولەکەی باخی دڵم
لەگەڵ مندا کەوتە گریان

# کۆڕی شعرم

شعرەکانم ئاوێنەیە روخساری تۆ دەناسێنێ
پەنجەکانم ماندوی قەڵەم تاکو بەدکار تێک شکێنێ
چاوەکانم دوور لەبالآت خەو لەخۆیدا بەدی ناکا
دەبا شنەی هەناسەکەت بۆ شفایەک لەمن هەڵکا
لەبۆ گۆڕی شعرەکانم هەموو عاشق راوەستاوە
تۆی لێ نەبی ماتەمینم بۆ گیراوە

Scanned by Easy Scanner

# روناکی هەستم

گشت سات وەکو پەرژین
لەدەوری سمبول
بالاگەردانمە بەچەشنی بولبول
خەمو خەیاڵی خۆم ئەدرکێنم
وەک هەنگی بێ گەر خۆم ئەنوێنم
دووربم لەگوڵو شەونم بەیانی
سەختە ژیانی پڕ چاوەڕوانی
هەوری چاوانم رەشە وەک بەختم
هونی کرد خۆری رووناکی هەستم

Scanned by Easy Scanner

# شۆڕشی عەشق

خۆت هون بکەی لەناو دێڕی شعرەکانما ئەدۆزمەوە

دوور لە زوڵفت هەموو شەوێ

تیشکی مانگ دەهۆنمەوە

بەختی رەشم دەدەمە دەست

کاروانێکی شاری دڵ تۆ

پەیامێکم بگەیەنێ چۆڵ پەرستە

بێ تۆ ئاکۆ

دوا هەناسەم ماڵئاوایەو

گڵی گۆڕیش چاوەڕوانە

بۆ شۆڕشی عەشقی تۆیە

مەحشەریشم هەر سوتانە

# هیچ شانەبووم

خۆ من یەقوب نیم بگرم بەرگەی خەم
خۆ ئەسکەندەر نیم باوەش دنیا بەم
خۆ من حەکیم نیم بۆ خەم بم دەرمان
شاجوان بم وەک یوسفی کەنعان
کۆیلەی دەستی هیچ پاشا نەبووم
خەزانی دەستی گوڵی یار نەبووم
تەنها عاشقی باڵای بەرزی تۆم
بەناو گێژاوی خەمدا بۆت دەڕۆم
وەلی دێوانەم بۆ عەشقی پاکت
سۆمای بینینم بۆ چاوەکانت
هۆزی ئەسکەندەرت بۆ ئەشکێنم
پاکی عەشقی خۆمت بۆ ئەنوێنم

Scanned by Easy Scanner

# خۆشەویست

گەر بەگەنجی ئاشقم نی
بەپیری هەر چاوەڕێتم
تۆ بەپیری بۆ من نەبی
لەناو قەبردا دراوسێتم
لەمەحشەری کۆتاییمان
لەبەرچاوی غومارتم
تۆ لەوێ هەر بێ وەفا بی
لەجەننەت فیردەوستم

# دڵی شێت

ئەی دڵی شێتی شێتتر لەفکرم
دەبێ کە رۆژێ دەستی یار بگرم
بەگرتنی ئەو دڵم شاد دەبێ
دڵی زیندانم بۆ ئازاد دەبێ
تەریقەت بدا تەریقەت عەشقی
دەبمە شێتی یان دەروێشی
من دەکەم زکر لەبارەگای ئەو
لەبەر جوانی یار چاو نابینێ خەو
هەر خۆم پەرژینی باخی دڵی تۆم
ئازادم بکە دیلو رەنجەڕۆم

Scanned by Easy Scanner

# بەهار

بەهار خۆشترین وەرزی ئاشقانە
روناکی دەشتو چیا بەرزانە
کاتێک کە خۆر لەگەل دێتەدەر
بولبولی کۆسار لەکون دێتەدەر
دەخوێنێ بەسەر دڵی بێخەبەر
گولاڵە سورە زوو سەردەردێنێ
گەشتو گوزاران بەدەستی دێنێ
سێبەری داران دەڕازێتەوە
شوان شمشاڵ بەدەس دەحەسێتەوە
ئازادی بۆ کوردو کوردستان دەگەڕێتەوە

# ئازادی

چاوەکانم بێ ئازادی هەڵنایە لەروی وڵات
لەپێناوی خاکدا نەمرم بەخاکم مەکەن خەڵات
تاکە کەس بم گەر بمێنم بۆ کوردی دەکەم خەبات
خوێنم دەرژم لەپێناوی لەدوژمن بمبێ نەجات
بن بەردی چیاکانم بۆمن کۆشکی دوو سێ قات
گوڵاڵە سوورەش داوای خوێنی شەهید دەکات
دوژمن خەوی لێناکەوێت داماو زەلیل و مات
ئێمەش بەیەک دەنگ دەڵێین خۆری ئازادی هەڵهات
زاڵم زەواڵت ئێمەین نەماوە لەدەستت کات

# ئاڵا

ئاڵای کوردستان بەرزی شەکاوە
لەشین و شادی بەهەرەت پێمداوە
بۆ بەرزی باڵای شەهید وەستاوە
ئێمەین هەموو کورد بەتۆ ناسراوە
بۆ سوری رەنگت خوێنمان رژاوە
پەتی سێدارەم لەمل کراوە
لەناو میلەتان ناوت براوە
بۆ روخاندنت دوژژمنی کوردان سەری نایەوە

# لە خەونمدا

لەخەونمدا بینیم باڵای گوڵێکی سور
جوانی بۆن خۆشی لەناودامەنشور
لە رەو نەقیدا خۆری بەیانە
خوڵقاوی دەستی گەورەی یەزدانە
چرای روناکی بەینی دڵانە
دەبینم لەژێر دەستی بێگانە
وەریوە پەڕی ئەو گوڵە جوانە
بەشی من بۆ گوڵ ناڵەو گریانە
فرمێسکی خوێنم لەبۆی دەرمانە
لەناکاو رۆڵە ئەم کوردستانە
پێیگوتم خەونە گزنگ بەیانە

# جودایی

لەبەر تۆ گرتم ڕێگای سەحرایی
زۆرت پێداوم دەردی جودایی
لەسەحرای سینەت بومایە چیبوو
دەستم کۆیلەی سێوی فەریک بوو
نەمزانی دڵت بەردی ئاوەسوو
چراکوژاوەی لەئاستم نوستوو
بەنیگای چاوت دڵت فڕاندم
بەعیشوەو نازت دڵت سوتاندم
هەزار فەلسەفەو سەد وتەی نازدار
نەچووە فکرت بمکەی بەدڵدار

Scanned by Easy Scanner

# لەگەڵ یاردا

لەگەڵ یاردا سەودا نەکەم سەفاو مەروام بۆ چییە
لەشارمدا گەر تۆم نەبی قەسری زێڕم بۆ چییە
بەئازارت خەمناک نەبم جەستەی ساغم بۆچییە
لەسەحرای باخی سینەت لیمۆ نەبێ زەمان قاتو قڕییە
بۆ هەژاریت کۆیلە نەبم ئاشق هیچ مانای نییە
ئاشنات کردم لەگەڵ قانع بنوسم دەرسی ئەشعار
لەزستاندا پرسیم لەدار بۆ نەسوڕا مانگی بەهار
بەنازداری هاتە جواب بیستو یەکی مانگی ئازار
شەو ڕۆژم هەزار ساڵە هاتەدی مانگی بەهار
تا ببینم گوڵی جوانی ئاشتی ئاشتی خوازی بەینی دڵدار
هەر بولبولە دیلی دەستی وەرزی زستان
هەر من گرتم بەرگەی خەمی دەورو زەمان
هەر ئەمنم خەم سوتانمی بۆ نیشتمان
هەر لەیلیە باخی دڵمی کردە خەزان
هەر سنگی من رجوا دەبا بۆ برژانگت بیکەی نیشان

# لەناخمدای

لەکام دێڕی شعرەکانما خۆت نابینی با بیدڕێنم
کام دەستم بوو گوڵی نەدایە دەستت ئەیشکێنم
چاوەکانم لەبینینی تۆ بێزار بێ دەریدێنم
لەژێر نازی تۆدا نەژیم کەس نادوێنم
ڕێگەم بەردە با لێڵ چەستەت ئاوێتە بم
لەژێر رەحمی خوا دەژیم ناکابرم
خۆشەویستیت دروشمی دەستی عاشقانە
لەبیابان لەگەڵ تۆ بم بۆ من باخو کوێستانە
بۆت بەیان کەم حۆری جوانی لەتۆ دزی
لەناخمدا بێ پایانە خۆشەویستی

# شێتی عەشق

دڵ بتوانم دەرتدێنم تا عەشق بیرچێتەوە
لەباوەشی خەم دەربچێ بۆ شادی بدوێتەوە
خەم بەرۆکی پێگرتومەو ناخی سینەم دەرزێنێ
رەنگی گوڵی سوری ئاڵم دەژاکێنێ
من دەترسم بتدوێنمەوە بەشاشێتی ناوزرم کەی
بەسەر مەستووە بادەنۆشی پێناسم کەی
فەخرە بۆمن بەشێت عاشق ناوبێنی
داستانی شێتی عشق لەرۆماندا بناسێنی

# شەوی بێ خەو

لەبێ وەفای یار لەژان پێچ دەخۆی
هەنگوینی شانەی شای ماران دەخۆم
بەرگی جەستەکەم تاریکی شەوە
ڕۆژ ڕێگە دەبڕم شەوم بێ خەوە
دەستیشم قەدی پێنوس ناگرێ

Scanned by Easy Scanner

# زەمان

زەمان بۆ خۆشیم لەدڵ دەردێنی
زەمان بۆ پەنجەی پێنوس دەشکێنی
زەمان زەکاتی دوولێو هەر ماچە
زەمان دڵداری رێگە هەر خاچە
زەمان چاوی رەش ئەسیری کردووم
زەمان رەنگ پەشێو هەر دەڵێی مردووم
زەمان زەلیلم بێدارم نەکەی
زەمان زەمیرت زەمی من نەکەی
زەمان وەک بایەقوش لەمن نەخوێنی
شاری ئەم دڵەم پێ نەروخێنی

Scanned by Easy Scanner

# چاو بەچەشنی باران

خۆ پەرست نیم
خۆ پەرستان
فێری خۆ پەرستیان کردم
شادیم دەفرۆشت
فێری خەم فرۆشیان کردم
لێم ببورە کەناتوانم
دڵی خۆمت پێ بسپێرم
گوڵ وەریوم چاو بەچەشنی
باران فێرم
فەرموو دڵی خۆمت بەمێ
بەڵام خۆشی تیا نەماوە
خۆشەویستی خۆشی پڕە
سەیرکە بۆخۆشی ماوە

# ئاوێنە

بەپەرچەمی سەر روت بڵێ
با نەبێتە بەربەستی من
با بەنیگای چاوی مەستت
تیماری کەی برینی من
خۆری ئاسمانی عاشقان
بینینی چاوی یارە
چۆن بێدەنگی بمدوێنێ
رازی ئەوی تێدا دیارە
ئاوێنە چاوەکانی
وێنەی خۆمی تیا دەبینم
باسازی کەین ژوانی تر
تا پەرچەمت بۆ بهۆنم

# خۆراکی خەم

درۆیە بڵێم دەرچووی لەبیرم
مەڵێ بێ هەستە کە ئێستە پیرم
دار ئاسای دەستم گوڵی جارانە
لەدەستما پیر بوو گیرۆدەمانە
سوێند بێ بە عەشق وا بۆت سوتاوم
چاوەڕوانی تۆ دەهێڵێ ماوم
دەترسم ئێستەش دەست بنێی لەرووم
نەهێڵی بزانم هەبووم یان نەبووم
خودا خولقانی من بۆچی پێویست بوو
بۆ خۆراکی خەم ڕێگەی گرت بوو

# هێمنی

خاکی دڵم بەبرژانگی چاوەکانت بکێڵەو
شەتڵە گوڵی خۆتی تیا بنێژە
ئەوینی تەمەنی خۆت
بەئازادی تیا بچێژە
ئەگەرچی دڵیشمت دەدەمێ
تاکو فێری هێمنی کەی
ناکا لەژێر خەمو ژانا
روو لەدەری مەیخانەیەکەی
من درەختی باخی عەشقم
بەبێ تیشکی چاوت ناژیم
بەنازو ژینی گریان
مودەتێکە کەمن رازیم

Scanned by Easy Scanner

# شەرابی پەشیمانی

تۆ شعرێکی لەدەریای عەشقا
شەپۆل بۆ خنکانم دەدەی
دەمخنکێنی هێواش هێواش
بۆ کەناری دڵتم دەبەی
بەمنداڵی لەجێی گریان
لێوم ناوی تۆی ئەدرکان
نەمدەزانی لەجێی ژیان
خەمت بەجەستەمدا لکان
ئێستەش بولبولی بێ پەڕو باڵ
لەباخی بێ گەڵات ماوە
گۆرانی بۆ دڵت دەڵێ
هەرچەند هیوام پێت نەماوە
رۆژێک دەبێت لە بازارم
شەرابی پەشیمانی بکڕی
فرمێسکی خوێناوی دڵ
لەچاوانی مەستت بسڕی

# بەزەیی

خودا بەزەیی بەم دڵە
مەغدورەی من کەی دەکەی
لەئامێزی کافران
حەشرو نەشری قەد نەکەی
لەناو گێژاوی ژیان
لەتۆ زیاتر ناپەرستم
لەجوانی خوڵقاو تۆ
زۆر دەمێکە سەرمەستم

Scanned by Easy Scanner

# ئاڵای خۆشەویستی

خۆشەوستی بکە هاوڕێت
خۆپەرستی وەلانێ
تریفەی مانگە شەویش
بەنازی تۆ دەزانی
چاوی رەحمت لەو دڵەی
بەنازی تۆ سەرمەستە
کلتوری خۆشەویستی
بەدڵیدا ببەستە
رەمزی ئاڵای خۆشەویستی
لەتۆوە بادەرکەوێ
لەبارەگای عاشقان
بادروشمت سەرکەوێ

Scanned by Easy Scanner

# پێنوس

من پێنوس بم
تەنها وشەی خۆشەویستی دەنوسم
بەنوکی من زنجیر لەدەستی هیچ ئاشقێ نابەستم
مرەکەبم تەنها گوڵی دەستی عاشقانە
گشت زمانیش دەزانم پێم بنوسن ژیرانە
زۆر غەمگینم دەستی بەدکار دەمدوێنێ
خۆشەویستی دوو پەپولە لەخۆڕای دەزڕێنێ

# دوا ماڵئاوایی

خەمت پێداو دێی دەشم کوژی
خوێنی دڵێکی بێ ئارام دەمژی
خۆت ماندوو مەکە خەمت دەمکوژێ
دەبینی جەستەم لەتابووت رۆژێ
نامەو نێرگزی رۆژی دڵداری
بینێن لەبەرگم بۆ بێتەدیاری
لەنێو تابوتی دوا ماڵئاوایی
لەئاستی دڵم کفن خوێناوی
لەسەر مەزارم ناڵەو ئاوازی گریان
دەمنێنە خاکی بەر پێی عاشقان
ژینم کۆتایی هات لەمەینەتی
ئاشقان ئەبوو رێی خۆشەویستی

Scanned by Easy Scanner

# ئازیز

تاکەی ئەزیزم گوڵی بەهارم
بۆتی دەرنەبڕم ئەتۆی دڵدارم
تاکەی نهێنی لەلام میوان بێ
بەندی ئەبەدی گۆشەی سینگم بێ
بۆتە داگیرکەر لەناو دڵی من
لێڵ هەست و فکرم بووەتە دوژمن
بێچاری کردم کە بیدرکێنم
بەربەستی پۆڵای شەرم بشکێنم
پێت بڵێم تەنها تۆی خۆشەویستم
بمکە ئەوینت باتۆ بتپەرستم

# خۆشەویستی پاك

مەلا نەکەی تەعبیری خەوی یارم
نەکا مەرگی بەدوا بێ
بۆ ئەوجوانە مەرگیە کە بۆ من کانی خەم بێ
چرکەیە ژیانم بێ ئەو
تاڵە تاڵ تر لە تاڵی
مەمکوڵێنە لەناو خەمدا
مەمرێنە بەلاوی
ساتی ژیان ببەمە سەر
ژیان بۆ من کراوە
خۆشەویستی بەپاکی
لای کێ نەهی لێ کراوە

**سوپاس بۆ:**
*شاعیری لاو ( ئاسۆ فارس)
*برای بەڕێزم ( هەردی عەلی)
* برای بەڕێزم (بەرزان کەریم)
* برای بەڕێزم (وشیار حەمە شوکر تەینالی)
* برای بەڕێزم (ڕێباز حسین)


بەخەندەوە لێم مەڕوانە
تازە دڵی من مردووە
خۆشەویستی جارانی تۆ
لە دڵی خۆم دەرکردووە
وامەزانە هەر وەک جاران
لێوەکانم کە ناوی تۆ ئەدرکێنێ
گوڵی باخت هەڵوەریوە
تازە بوولبوول نای دوێنێ
خۆشەویستی لەدڵمدا
بەرزترین لوتکەی حەزبوو
بەڵام هەرگیز لەدڵی تۆ بۆ عەشقی من پڕ لەخەم بوو